# له نێوان نووسین و یادەوەریدا

نیهاد جامی



شوناس تێکستێکی شیعری کچە شاعیر (شەرمین وەلی) ە، ئێمە لەو نووسینەدا هەوڵ دەدەین چەمکی شوناس لەنێوان پرۆسەی بەر لەنووسین یادەوەری و شوناس لەناو نووسینی ئەو تێکستە دەست نیشان بکەین، سەرەتا تێکستەکەی شاعیر دەخەینە ڕوو.

ئایا مانا وێنەیەکی نەگۆڕ بەرهەم دێنێت؟ ئەگەر مانا و پرۆسەی ناونانی شتەکان بەمەبەستی بنیاتنانی وێنەیەکی جێگیر بێت، ئەوا هەمیشە دەبێ لەودیو وێنەی ماناوە بەدوای ئاستە جیاوازەکانی بینینی خوێنەر و رەهەندە جیاوازەکانی تێکست نەڕۆین، بەڵام کاتێ زمان

مـانـای نەگـۆڕ تێک دەشکێنێ، پـرۆسـەی لەدایکبـوونەوەی مـانـا دەست بە جـولـە بەراییـەکـانی دەکاتەوە، ئەوە ئینتیما کردنەوەیە بۆ زمان و چارەسەری ئیشکالیەتی پەیوەندی نێوان (زمان و بوون) ە، بەمـانـای ئەو پـەیوەندییـەی ئێمـە لەناو تێکستـدا بەدوای مـانـا کـەشف نەکـراوەکـانی دەگەڕێین پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئەگەر زمان مـاڵی بـوون بێت، بەڵام ئاخـۆ بوون مـاڵی زمـانە؟ ئەوە سـەرەتایەکـە بۆ گـومـان کـردن، بەهۆی ئەوەی زمـان خـولّقـاندنـەوەی ژیان و تێکشکـاندنی تەواوی ئەو دنیایەیە کە بوونی خۆی لەدەرەوەی زمان بنیاتناوە، بەڵام شیعر لە ناوەوەی زمان ئەو بوونە دەنووسـێتـەوە، ئەوە نـووسـینەوەی شـوناس و چارەسـەرکردنـەوەی ئیشکالیەتەکانیـەتی لەدیدێکی فـانتـازییـەوە، ڕوانینێکی شـاعیریانەیە، بۆ گەڕان بەدوای پـرسیـاری شـونـاسی منی شاعیر چییە؟ ئەو پرسیارە گۆڕینی منی ڕەگەزییە بۆ منی شاعیر.

بۆیە شـەرمین وەلی لە قـەسیـدەی (شـوناس) لەدەرەوەی زمـان خـاوەنی شـونـاسی (منی ژن) ە، بەڵام زمان دەیگوازێتـەوە بۆ (منی شاعیر) ئەو منە کـەسێکی نێو زمـانە، لەڕێگەی زمانەوە هـەوڵی نووسـینەوەی شاعیـریەتی خۆی دەدات، بەوەی سـەرەتاکانی ئەو زمانە گەڕانە بەدوای مـەعریفـە، مـەعریفـەی عەشق، مـەعریفـەیەکی گومـاناوییـە، بەوەی پێویستی بەوەیە بزانێت دۆست نیگاکانی بەرەو کـام کۆلانە فـانتـازیاکـان دەبـات، ژنێـتی من کـارەکتـەرێکی شـەرمنە، زمـان دەیەوێ ئەو شـەرمـە بگۆڕێت بە چوونە نێـو بونیادی کـەینونی، ئەو بونیادە لە ژنێکی شـەرمنی ماڵەوە، دەیباتە نێو تەنیایەکانی کەنارەوە، ئەوەش خەڵوەتی شیعریی و نووسینەوەی منە، منێکی تەنیا و شـەرمن و تێکشکاو، شـیعر پرۆسەی خـولّقاندنەوەیە لەڕێگەی زمـانەوە، وەزیفەی زمـان لەناو ئەو تێکستـە شیعرییـەدا نووسینەوەی کۆی شکستەکان و گومانکردنە لە تەواوی ئەزموونی منی ژن، بەڵام ئەو ئەزمـوونە گەڕان نییە بەدوای شـوناسی ڕەگـەزی هێندەی گرفـتی شـوناسی خودێتی خـۆی هـەیە، خودی بریندار کە لەڕێگەی شیعرەوە خۆی دەنووسێتەوە، نووسینەوەی شیعر نووسینەوەی زمانە بۆ شوناس، بەڵام پرۆسـەی نووسینەوە پرۆسەی دڵەڕاوکە و ترسی نێو شیعرە، ئەو ترسە خودی بریندار لە ئەنجامی دڵەڕاوکەی خودی بەرەو ترس لە چارەنووسی عەشق دەگوازێتـەوە، یەکێک لە جـوانیـەکانی ئەو عـەشـقـە پەیوەندیی نییـە بە ئـەزمـوونی فـەردانی خـودەوە، بەڵکو پەیوەستـە بە ئەزموونی خۆشەویستی ئەوانیترەوەش

هـەمیشـە دەگریم بەیادی

توانەوەی جەستەکان و

کلۆڵبوونی چارەنووسی هاویارانم



" مەمکوژە
عادەتم نەگرتووە بە
مردن
پەرۆشی پرژانم و
کوشتن دادی
پاکبوونەوەم نادا"

بەڵام گریان چەندە گوزارشت لە بێتوانایی ئەو بکات، دواجار زمان دەبیاتە سەر پرسیاری من کێم لەبەرامبەر چارەنووسی عەشق؟ یادەوەری خود خاڵی نەبۆتەوە لەناو زمان، بۆیە یادەوەری توانای ئەوەی هەیە بەشداری لە وەڵامی پرسیارەکە بکات، زمان پرۆسەیەک نییە لەو تێکستەدا بۆ نووسینەوەی ڕووبەری نەبینراو، بەڵکو زمان نەستی خود بەشداری پێ دەکات، لە پێناو نووسینەوەی شوناسی من، لەوەدا لەوە تێدەگەین کە چەمکی شوناس وابەستەیە بە تەواوی بوونی ڕابردوو، وەزیفەی زمانیش هێندەی نووسینەوەی یادەوەرییە، یادەوەری خنکێنراو لەناو دەنگی حیکایەتە خودیەکان، زمان توانای ئەوەی نییە سیستمێکی دەلالی کەشف نەکراو بێنێتە بوون، بۆچی زمان ئەو توانایەی نییە؟ ئایا چۆن دەکرێ یادەوەری خود لە زمان خاڵی بکەینەوە؟ جارێ پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین کە شاعیرەکەمان توانای ئەوەی تیا نییە کە بوێری

ناو زمـان وەدەست بێنێت، بەوەی لـە کارەکتـەرێکی ناو ژیانـەوە لەبری پەڕینەوە خـۆی بگوازێتـەوە بۆ ناو کـارەکتـەرێکی زمـانەوانـی، بەوەی ناتوانێ بـڕوا بەوە بێنێ کـە زمـان توانای ئـەوەی هـەیە ماچە سـارد و سڕەکان بگۆڕێت بۆ ماچی گەرمی عـەشق، چونکە دەشێ ئەو عەشـقەی ئەو وێنای بۆ کـردووە تەنیـا لەناو شـیـعر و زماندا بوونـی هـەبێت، بەڵام ئەو ناتوانێ لەناو زمـان بیـدۆزێتـەوە، نەدۆزینەوەی دەسبەردار نەبوونە لە پرۆسـەی بەر لە نووسینی شیعر، بەمانای شـاعیر لەناو زمان لەدایک نەبـۆتەوە، بەڵکو بە کـۆی یادەوەری بەر لە زمـان هـاتۆتەوە ناو زمـان، ئـەوەش وای کـردووە منی زمان کە منێکی شیعرییە جیا نەبێتـەوە لە منی عاشق، بەواتای منی عـاشق و منی شـاعیر منی زمـان پێک دێن، ئەوەش دەبێتـە هۆی ئەوەی ئێمە دوو خـودی جیـاوازمان نەبێت، خـودی بەر لە شـیـعـر و خـودی ناو شـیـعر، هـێندەی شـیـعر وێنای بەشـە تەواو نەکراوەکـەی خـودی عـاشـق دەکات.

ئەوەش دەمـانگەیەنێ بە وەڵامی ئەو پـرسیـارەی کە زمـان توانای ئەوەی نییـە ئەو خـودە لەیەک جیـا بکاتەوە، چونکە شاعیرەکەمان بڕوای بـەوە نییە کـە یادەوەری خود لە زمان خـاڵی بکرێتەوە، ڕەنگـە ئەوە بۆ ئەزمـوونێکی خـودگـەرای کـەسـی عـاشـق ڕاست بێت بـەوەی یادەوەری عـەشق تێکسـتمـان پـێ دەنووسـێتـەوە، بەڵام زمـان نایەوێ بوونێک هـەبێت کە کـار بکاتە سـەر سـیـسـتـمی دەلالی ئەو، بۆیە دەیـەوێ خـۆی ئەو سـیـسـتـمـە بەرهەم بێنێتـەوە، نەک یادەوەری بـەرهـەم هێنەری بێت، یادەوەری دەبێتـە دەنگـی خـودی زمـان، بەمـانای یادەوەری زمـان دەنووسـێتـەوە، نەک زمـان یادەوەری بنووسێتەوە کاتێ داوا دەکات (مەمکوژە) ئەو کوشـتنە پرۆسـەی ئیـشکردنەوەیە لەسـەر یادەوەری خود.

بۆیە شـیـعر پرۆسـەی داکۆکیکردنە لە خـود، شوبـهاندنەوەی جـەسـتـەی ژنێتـیـیـە بە جـەسـتـەی پەپولەوە.. گـەڕانە بەدوای پاکیـزەیی جەستـەی مرۆییمان، کە جەستـەی خودێکی عـاشقـە، لێرەوە وەزیفـەی زمانمان بۆ ئاشـکرا دەبێت، بەوەی زمان لێرەدا کـاری دەبێت بە شوبـهاندنی عـەشق بە پەپوولە، ئەوەش گۆڕینی پرسـیـاری من کێمـە بە "بزانە من کێم" زمـان پرسـیـار بۆ خـودی عـاشق دەگەیەنێتە یەقین، ئەو گومانەی نێو پرسیار بە یەقین دەگۆڕێت، ئەوەش سـەرزەنشت کردنی یار و بەرائەتی عاشـقە. بەوەی بوونی ئەو دەبێ بوونێکی ئـامـادە بێت، ئەوە گرفتـی یادەوەرییە ئەو بوونە دەسـڕێتـەوە، زمـان دەبێ ئـەو بوونە بگـەڕێنێـتـەوە بـۆ پرۆسـەی ئامـادەبوون، ئـامـادەبوون شـوبهـاندنەوەی منی مـێینەیە بە دەلالەتی پاکیـزەیی، ئەوەش داکـۆکیکردنە لە شـوناسـی مـرۆیی، دەنگێکە بۆ هـاواری (من مـرۆم) بەدوای تێگـەیشـتن لەو مـنە کـە منێکە لەڕێگـەی زمـانەوە بەدوای گرفتـی شـوناس دەگەڕێت، شـوناس بۆچی پێویسـتـییەکە بۆ منی مێینەی شـاعیر؟ پرسـیـاری وا

پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئارەزووی قووڵ هەیە بۆ نووسینەوەی مێژووی خود، ئەو مێژووەی دەبێت بە هەموو شکست و سەرکەوتنەکانیەوە شوناس دابمەزرێنێت، بەڵام ئاخۆ مرۆڤ لە ساتەوەختی شکست و دۆڕانەکـان بیـری لەوە کـردۆتەوە ئەوانە دەبنە بەشـێک لە شـوناسی ئەو؟ چونکە بیرکردنەوە لەخەوتن لەناو جێگایەکدا لەگەڵ دۆست هەرگیز ڕێگە نادات بەو کارە هەڵبستین کە سەرەنجام بەرامبەر بیەوێ کوشتن شوناسی پاکیزەیی و بێتاوانی بنیات بنێت.

"مەمکوژە

عادەتم نەگرتووە بە مردن

پەرۆشی پرژانم و

کوشتن دادی پاکبوونەوەم نادا"

ئەوەش بانگەشـەیەکـە بۆ ژیان نەوەک مـردن، داوا کـردنێکە کـە نەکـوژرێت، چونکە کـوشتن دەلالەت لە پاکیزەیی ناکات، هێندەی قووڵ کردنەوەی برینەکان و گەورەکردنی سنوری شکست و نەدۆزینەوەی شـوناسـە، لەبەر ئەوەی هەریەکـە لە دوانەی عـاشق بەشـێکـی ترن لەناو ئەویتـر، بە هەردووکیـان من و تۆ دەگۆڕن بە ئێمـەی عاشق، بەڵام تاچەند ئەو دەنگە دەگاتە دۆست و ئاخۆ چارەنووس لەنێـو ئەو دۆشـدامـانە بەکـوێ دەگات؟ ئەوە گرفـتـێکی نێو سـاتەوەخـتی دڵەڕاوکەی شـاعیرە کە دەقەکەی تیا بەجێهێشـتووە یاخود تەواو کراوە، بەڵام کێشـەی شوناس گرفتێکی سـایکۆلۆژی بۆ مـێینەتی ئەو بەجێ هێشـتـووە، ئەوەش ئەگـەر گەیشـتن بێت بە شـوناس بەڵام شـوناسـێکە شـوناسـی خـەونی ئـەو نییـە، چونکە بەختـەوەری تیـایدا بوونی نیـیـە.. دەشـێ ئەو شـوناسـە تێـڕامـانێکی شـاعـیـری قـووڵ بێت بۆ ژیان، چونکە دەتوانین ناوی بنێین (شـوناسی کچێکی تەنیا لە بوون)